# دێموکراسی ناوخۆیی

**وردبوونەوەیەک لە**

**دیاردەکانی**

**دێموکراسی، حیزب و ڕێبەریی**

**کەماڵ مەجیدپوور**
**نوامبری 2006 زایینی**
**majidpourkamal@hotmail.com**

## 1. سەرەتا

بە دوای پێکهاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە ناوخۆیی ئەو حیزبە دا، دێموکراسی ناوخۆیی پێشێل دەکرێت. ماوەیەک لەمەوبەر لە ناوخۆی حیزب دا لایەنێک بە ناوی ئۆپۆزیسیون بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک باسی لەو پێشێلکارییانە کرد. لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوو دا زۆر شت لە سەر ئەو قەیرانەی حیزب نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نە لە نێو حیزب و نە لە دەرەوەی حیزب دا باسێکی ئەوتۆ لە دیاردەی دێموکراسی ناخۆیی بەو جۆرە کە گەرەکە نەکراوە. هەر نەبوونی ئەو باسانە و ڕوونەکردنەوەی دیاردەی دێموکراسی ناوخۆیی و شێوازیی گوونجاندنی لە گەڵ هەل و مەرجی حیزبێکی سیاسی و جەماوەریی، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەکی ئەو تەنگ و چەڵەمانن کە ئێستا حیزبیان خستوتە گێژاوێکی مەترسی هێنەرەوە.

دیارە لێرە دا ئاماژە بەو ڕاستیە گەرەکە کە لە 27 ساڵی ڕابردوو دا بە دوای هەر کۆنگرەیەک دا، کەسانێک یا خۆ لایەنێک هەمیشە نارەزایەتیان لە دێموکراسی ناوخۆیی حیزبی دێموکرات هەبووە، وهەمیشە کەس یا خۆلایەنێک لە ناو حیزب دا بە پێشێلکار و سەرەڕۆ ناو بردووە. ئەو گلەو گازندەیە کە ئێستا لە دێموکراسی ناوخۆیی حیزبی دێموکرات دەکرێت، دیاردەیەکی تازە نییە و هەر تایبەت بە حیزبێک و دەورەیەکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو بە گشتی هەموو ڕێکخستنێک دەگرێتەوە و خاوەنی تەمەنێکی درێژیشە. ڕەخنەیەک کە هەمیشە ئەحزابی سیاسی لە درێژایی مێژوودا لەگەڵی بەرەوڕوو بوون وهەن، بریتییە لە ڕەچاو نەکردن، بەرتەسک بوون یا خۆ نەبوونی دێموکراسی ناوخۆییە.

لە 1902 دا کارناسی سیاسی ئۆستڕۆگۆرسکیی لە لێکۆڵینەوەیەک دا لە سەر ئەم کێشەیە لە ئەحزابی سیاسی بریتانیایی و ئەمریکایی دا بەو ئاکامە گەیشت کە، پارتە سیاسیەکان سەرەتای لەناوچوونی ئۆتونۆمی تاک خۆش دەکەن و هەر لەو کاتەش دا دەبنە هۆی سەرنەکەوتنی دێموکراسی. بە باوەڕیی ئەو بنج و بناوانی ئەو کێشەیە لەوە دا خۆی دەردەخست کە ئەحزاب ڕێکخراوگەلێکی پشوو درێژن کە بە بەردەوامی لە مەیدانی سیاسەت دان. هەر بۆیە ئۆستڕۆگۆرسکیی داخوازیی ئەوە بوو کە دەبێ کومیتەگەلێکی کاتی پێک بێن کە خاوەنی ئەهدافێکی دەرێژخایەن و زۆر نەبن وهەرکات مەبەستە کاتییەکان بەدیهاتن، باشتر وایە کە ئەو کومیتانەش هەڵوەشێنەوە. هەر لەو سەروبەندانە دا کۆمەڵناسی ئاڵمانی ڕۆبرت میجل لە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەحزاب دا بەو ئاکامە گەیشت کە *"لە هەر کوێ ڕێکخراو هەبن، لەوێش ئۆلیگارشی یا خۆ چەندکگەرایی هەیە"*.

مەبەستی ئەو وتارە ئەوە نییە کە باس لە قەیرانەکانی ناوخۆیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بکات و ناکەوێتە شوێن وڵامی ئەو پرسیارەش کە داخۆا تا چەرادەیەک ئەو قەیرانە پێوەندیی بە دێموکراسی ناخۆیی حیزبەوە هەیە. بەڵام ئەو قەێرانە هاندەرێکی باشە بۆ چوونە ناو باسێک لە مەڕ دێموکراسی ناوخۆیی، کە ئەو دێموکراسی چییە و سنوورەکانی تا کوێ بردەکەن، و بۆچی هێزێکی سیاسی، دێموکراسی لە ناو خۆی دا جێ بە جێ دەکات؟ هەر بەو دەلیلە لەو نووسراوەیە دا هەوڵدەدرێت کە بە شێویەکی گشتی باسێک لە سەر ئەو دیاردەیە بێتە گۆڕ. لێرە دا مەبەست پارت و لایەنێکی سیاسی تایبەتی نیە، بەڵام زۆرتر وەردبوونەوە لەو دیاردەیە بە شێوەیەکی گەشتییە. بۆ ئەوەی ڕادەی دێموکراسی ناوماڵی ئەحزاب بە باشی دیاریی بکرێت، گەرەکە کە چەند مانایەک بە باشی ڕوون بکرێنەوە. بە بێ باس لە دێموکراسی بە گشتی، باس لە دێموکراسی ناو ماڵی ئەحزاب لە

ڕاستی دا هیچ مانایەکی نییە. هەر بۆیە لە بەشی یەکەمی ئەو باسە دا هەوڵدەدرێت کە هەر چەند بە کورتیش بێت، باسێک لە سەر دێموکراسی بکرێت. پاشان عەملکردیی دێموکراتیکی ڕێکخراوەیی حیزبێکی سیاسیی تاوتوێ دەکرێت. لەو پێوەندییە دا هەوڵدەدرێت کە وڵامێک ببیندرێتەوە بۆ ئەو پرسیارە کە دێموکراسی لە ناو ڕێکخراوەیەک دا چە مانایەکی هەیە؟ هەر وەها بایخە دێموکراتیکەکان خاوەنی چە مانایەکن لە ساختاریی ناخۆی حیزبێک دا و ئەرک و ڕۆڵی ڕێبەریی و ئەندامانی حێزبێک چلۆن دیاریی دەکرێت؟ لەو نێوە دا پێداچوونەوەیەکی کورت بە سەر جۆریی ئەحزاب ومانای دیاردەی حیزب بەشێک لە باسەکە پێک دهێنێت. لە کۆتایی دا هەوڵدەدرێت کە هێندێک بۆچوون بۆ بە هێزکردنی دێموکراسی ناوخۆیی ڕوون بکرێنەوە.

## 2. دێموکراسی

ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەردەمانی کۆن دا باب و باپیرانی ئێمە لە دار شتێک درووست دەکەن کە لە سەر چوار پێیان ڕادەوەستی و ناوی دەنێنن مێز. ڕەنگە بۆ ئەو سەردەمان هێندێکی پێچوو بێت تا مرۆڤەکان لە گەڵ ناو و دیاردەی مێز ڕاهاتبن. هەر وەک چۆن لە دەورانێکی دواتر دا، نەسلەکانی پێش ئێمە لە گەڵ وشەگەلێکی وەک ماشین، ماتۆر و هێلیکۆپتر دەبوو ڕابێن. پرسیار ئەوەیە کە تۆ بلێیی ئەو وشانە کە بۆ ناودێرکردنی ئەو دیاردانە هەڵبژێردەراون ڕاست ئەو مانایە بدەن بە ئەو دیاردانە و مەبەستەکە بەپێکن؟ ئەوەی ڕاستی بێت ئەوە تا ئێستا بۆ کەس جێگای پرسیار نەبووە. هەر کات مرۆڤ باس لە کورسی، ماشین یا خۆ هەلیکوپتر دەکا، تا ڕادەیەکی زۆر دەزانێت کە مەبەست چیە. بە واتەیەکیتر لەو پێوەندیە دا هاودەنگێکی ئینترسۆبژکتیو هەیە.

چوار مرۆڤ لە سەر ئەوە ساخ دەبنەوە کە بڕیاریەک بدەن. دێن و هەر لە دەوریی ئەو مێزە دادەنیشن و دەکەونەخۆ کە بڕیارەکە یەکلا بکەنەوە. یەک لەو چوارکەسە دەستپێشخەریی دەکا و پێشنیاریەک پێش کێش دەکا. یەک لە حازەران دەنگدەدا بە پێشنیارەکەی و دوانەکەی تر لە دژیی دەوەستن. بەڵام لایەنی پێشنیاردەر کۆڵنادا و بە یەک لە دژبەرەکانی بەڵێن دەدا کە ئەگر ئەمرۆ ڕە گەڵم کەویی دەڵنیا بە کە منیش لە دواڕۆژ دا دەفریات دەکەوم. مرۆڤی ناڕازیی، ڕازیی دەبێت و بڕیار دەدرێت و پێشنیارەکە بە ڕای زۆرینە (سی بە یەک) پەسند دەکرێت. سی هاودەنگەکە دەڵێن ئێمە بە شێوەیەکی دێموکراتیک بڕیارمان داوە، دەنگە زۆرەکان حەق بە دەستن. لایەنی دەژبەر پێوایە کە ماڤی زەوتکراوە و لەو کەێن و بەینە دا دیزە بە دەرخۆنە کراوە. هەر بۆیە لای وایە کە بڕیارێکی دێموکراتیک نەهاتۆتە ئاراوە و دیکتاتۆریی زۆرایەتی لە سەر مێزەکە زاڵە. ئەوە کە هەر چوار مرۆڤەکە هاتوون و لە دەوریی مێزەکە دانیشتوون و لە سەر ئەو بڕیارە باس و ڕاوێژ و دەمەقاڵەیان هەبووە، هەر چواریان هاودەنگن، بەڵام لەوە دا کە بڕیارەکە بە شێوەیەکی دێموکراتیک دراوە، بۆچوونەکان جیاوازەن.

ئەو کورتە داستانە دەریی دەخا کە پێناسەکردنی دیاردەیەکی وەک مێز گەلێک ئاسانترە هەتا مفهومێکی وەک دێموکراسی. دیارە لەو نێوە داهەر دێموکراسی خاوەنی ئەو گرفتە نیە. مفهوم گەلێکی وەک عەداڵت، ئازادیی، بەرابەریی و هاوپەشتی مەفهوومگەلێکن کە بە خەروار تاریف و پێناسەیان لە سەر کراوە، بەڵام بە ئاکامێکی جیاوازەوە. شتێک کە لایەنێک یا خۆ کەسێک وەک ئازادیی چاویی لێدەکات، ڕەنگە لە لای مرۆڤ یا لایەنێکیتر وەک کۆیلەداریی مانا کرێتەوە. وشەگەلێکی لەو چەشنە سەر بەکاتاگۆریی مەفهوومگەلێکی جێگای باس و دەمەقاڵە ناودێر دەکرێن، کە خاوەنی هاودەنگێکی ئینترسۆبژکتیو نین. بیرکردنەوە و نوسین لە سەر دێموکراسی هەر لەو چوارچێوەیە دا گەلێک گرفت سازە. چوونکە پێوانەگەلێکی گشتی لە ئارا دا نییە، تئورییەکی دێموکراتیکی هەمەگیر و قەبووڵکراو هەتا ئێستا نە گەڵاڵە کراوە و نە پراتیکێکی گشتی گونجێندراو لە

دێموکراسی بەدیی دەکرێت. ئەوە هەم لە باریی مێژوویەوە وهەم لە باریی موقایەسەکردنی تئوریگەلێکی جیاواز و پراتیکەکانی ئێستا دا سەدەق دەکات. هەر لە بەر نەبوونی تەفسیرێکی گەشتی لە مەڕ دێموکراسی مرۆڤ لە زۆر جێگایان دەتوانێت زۆر بە ئاسانی تێرمی دێموکراسی بە چەشنێکی عوام پەسندانە بکار بهێنێت و کەڵکی نابەجێی لێوەرگرێت.

لە گەڵ ئەو کەم وکوڕیە بەرچاوە، دێموکراسی بە شێوەیەکی گشتی وەک دیاردەیەکی موسبەت هەڵدەسنگێندرێ. کەچی ئەوە هەمیشە ئاوا نەبووە. هەتا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەشێکی زۆر لە بیردۆزانی سیاسی، دێموکراسیێان وەک فۆرمیک لە بێ سووباتی سیاسی مەترسیدار چاو لێدەکرد. بەشێکی زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئیفلاتوون بوون، کە دێموکراسی وەک دەوڵەتێک دەناساند کە هەژاران و ڕەشووڕووتانی کۆمەڵ بەسەریی دا زاڵ دەبن، دەکوژن و دەبڕن و پۆستەکانی حکومەتی بە سەر خۆیان دا دادەبەش دەکەن.
مێژوونووسی بەناوبانگی یونانی هیرۆتۆتدۆس زیاتر لە 2500 ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەم جار باس لە دێموکراسی وەک دەسەڵاتدارەتی خەڵک دەکا. *"وشەی دێموکراسی سەرچاوەکەی لە دوو وشەی یونانی دیمۆس یانی خەڵک (گەل) و کراتین یانی سەروەریی/دەسەلاتدارەتی پێک هاتووە. بۆ هێرۆتۆدۆس دێموکراسی یانی ماڤی وەک یەک بۆ مرۆڤەکان لە بەرامبەر قانوون دا، ڕاوێژ و کۆبوونەوە لە لایەن خەڵکەوە و چاوەدێریی و کۆنترۆڵی دەم و دەزگاکانی حەکومەتی (دەستەڵات) لە لایەن ئەو خەڵکەوە. لە سەردەمی ئێستا دا دێموکراسی بەو فۆرمە لە دەوڵەت دەگوترێت کە خەڵک (لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردەراو) حاکمییەت بە سەر خۆی دا دەکا و ئازادانە بیر و ڕا و ویست و داخوازییەکانی دەردەبڕێت."* [1]

هەروەک دەبینین دێموکراسی سەروکاریی هەیە لەگەڵ دەستەڵاتدارەتی خەڵک، کە وابوو خۆی تێکەڵی دابەشکردنی قودرەتیش دەکات. ئەگر مرۆڤ لە دەلاقەی قودرەتەوە چاو لە دێموکراسی بکات، دەتوانێ بڵێ کە دێموکراسی یانی ئەو ڕادەیە لە بەرابەریی لە دابەشکردنی قودرەت دا. قودرەت دەکرێت کەم تا زۆر بە شێوەیەکی بەرابەر دابەش بکرێت، و ئەو دابەشکردنە دەتوانێت بە شێوازیی جیاوازشکڵ بگرێت. ئەگر وابێت دێموکراسی مەفهوومێکی نیسبییە: ڕادە و چەند وچۆنی دێموکراسی دەتوانێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکیتر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت. لێرە دا کاتێک باس لە دێموکراسی و دابەشین قودرەت دەکرێت، لە ڕاستی دا باس لە دێموکراسی سیاسی دەکرێت. لە هەر سیستمێکی سیاسی دا لە پەنا پێویست بوونی دێموکراسی، پێداویستی بەرێوەبەریی و ڕێبەریش دێتە ئاراوە. کاتێک بەڕێوەبەریی دێتە ئاراوە، بخوازین ویان نەخوازین نابەرابەریی لە قودرەتیش دەێتە ئاراوە.

هەرچەند دێموکراسی سیاسی بەتایبەتی خۆی سەرقاڵی دابەشکردنی قودرەت دەکات، بەڵام مرۆڤ دەکارێ لە دەلاقەکانی تریشەوە چاو لە دێموکراسی بکات. بۆ نموونە لە دەلاقەی دەوڵەت، ناکۆکی یا خۆ زانیاریەوە دەکرێت مرۆڤ لە دێموکراسی ورد بێتەوە. لە دەلاقەی دوڵەتەوە دێموکراسی سیاسی بریتیە لە فۆرمێک لە دەوڵەت کە لە چەندین شێواز دا وەک دێموکراسی پارلمانی و دێموکراسی سەرۆک کۆماریی دا خۆی دەردەخات. یا خۆ ئەگر مرۆڤ لە دەلاقەی ناکۆکی و هاوکاری ڕا بۆ دێموکراسی بڕوانێ ئەو بۆچوونەی ئابوریناسی ئوتریشی-ئەمریکای شۆمپێتر زەق دەبێتەوە کە دێموکراسی زۆرتر وەک مێتودێکی دێموکراتیک دەبینێ کە هەمان ڕیسایەکی نەهادینە کراوە بۆ ئەوە کە بڕیاریی سیاسی شکڵی پێبدریت. یا خۆ کاتێک مرۆڤ لە لایەنی زانیاریەوە لە دێموکراسی ورددەبێتەوە دێموکراسی دەبێتە دانوستانێکی کراوە لە نێوان خەڵک و سیاسەتەوە. دێموکراسی

[1] . G. Sartori, The Theory of Democracy Revisited, part I en 2, Chatham House, Chatham, N.J., 1987, deel 2, pp. 278-292.

سیاسی ژیانی لە ساختاریی سیاسی دا دەباتە سەر، بەڵام دێموکراسی تەنیا دیاردەیکی ساختاریی نییە، بەڵکوو هێندێک لایان وایە کە دێموکراسی دیاردەیەکی کەلتوریشە. دێموکراسی تەنیا هەر خۆی بە قودرەتەوە خەریک ناکا، بەڵکوو کۆمەڵێک بایخ و پێوانەش دەبەرخۆ دەگرێت. هەر بۆیە دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێت کە:

*"دێموکراسی پێکهاتێکە لە چەندین بایخ. هەتا ڕادەیەکی یەکجار زۆر دێموکراسی بایەخگەلێکی وەک هاوپشتی، تەلۆرانس، بەرابەریی، ئازادیی بیر و ڕا دەربڕین و ئازادیی خۆ سازدان و ڕێکخستنی لە خۆ دا کۆ کردۆتەوە."*[2]

## 2.1 دێموکراسی لە سەر بنەماکانی ئازادیی، بەرابەریی و تۆلەرانس

هەر وەک لە باسی سەرەوە دا بۆمان دەرکەوت، مرۆڤ لە پێناسە کردنی دێموکراسی دا ناتوانێت هەروا بە سانای لە دەلاقەیەکەوە لەو دیاردەیە ورد بێتەوە و ئاکامێکی ڕوونی لێ وەرگرێت. هەر بۆیە هەر کام لەو بایەخانەش لە باس و فۆرم دان بە دێموکراسی دا ڕۆڵی تایبەتی خۆیان دەبینن. "بۆ فۆرمدان بە دێموکراسی گەلێک گرینگە کە مرۆڤ لێرەش دا کام یەک لەو بایەخانە لە سەرەوەی ئەوانیتر دادەنێت. کاتێک مرۆڤ لە دەلاقەی ئازادیەوە دەڕوانێت تووشی دێموکراسێک دەبێت کە جیاوازە لەو دێموکراسییە کە لە دەلاقەی بەرابەریی یا خۆ هاوپێوە ندیی و تۆلەرانسەوە چاوپی لێدەکریت."[3] یەکێک لە نموونە بەناوبانگەکانی بیرکردنەوە لە دێموکراسی لە دەلاقەی ئازادیەوە لە بەرهەمێکی مۆنتیسکۆ بەنێویی *"سەبارەت بە ڕووحی قانوونەکان"* دا خۆی دەبینێتەوە، کە لە 1748 نووسیوێتی. لێکدانەوەکەی مۆنتیسکۆ کە لە سەر بنەمای ئازادیی دامەزراوە ئەوەی لێکەوتۆتەوە کە: *دەبێت ناوەندەکانی قودرەت وەک بەڕێوەبەریی، قانوونگوزاریی و قەزایی لێک جیا بکرێنەوە.* ئەو بیرەی بیردۆزیی فەرانسەویی بە **تریاس پۆلیتکا** ناو بانگی دەرکردەوە.

نموونەیەکی تری دێموکراسی لە سەر بنەمای ئیدەی بەرابەریی دا دەگەڕێتەوە بۆ ژان ژاک ڕۆسۆ کە لە پەرتوکێکی دا بە ناوی *' کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی'* باسی لێ کردوە. پرەنسیپی بەرابەریی بۆ ڕۆسۆ لە پرنسیپی سەروەریی خەڵک و دێموکراسی ڕاستەوخۆ دا خۆی دەبینێتەوە. ڕۆسۆ لای وابوو کە سەروەریی ناتوانرێت نوێنەرایەتی بکرێت. ئەو باوەڕیی بە ویستی گشتی بوو کە حاکمییەتی خەڵک لەویی دا خۆی شاردۆتەوە و لای وا بوو هەر ئەو ویستە ڕێگا نادا کە نوێنەرایەتی بکرێت. ڕۆسۆ لەوباوەڕە دا بوو کە هەڵبژێردراوانی خەڵک، نوێنەرایەتی ویستی گشتی نین و ئەو نوێنەرانە ناتوانن هیچ بڕیارێکی چارەنووس ساز بدەن. بۆ ڕۆسۆ هەر قانوونێک کە ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە دەنگی بۆ نەدەرێت قانوون نییە و بی کەڵکە. هەر لە سەر ئەو بنەمایە ئەو لەو باوەڕە دا بوو کە خەڵکی ئینگلستان نە دێموکراسیێان هەیە و نە ئازادن. *" گەلی ئینگلستان لایان وایە کە ئازادن، بەڵام لە ڕاستی دا هەڵەیەکی مەزن دەکەن، چوونکە ئەوان هەر لە کاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانیان دا ئازادن. بە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنەکان دا ئەو خەڵکە دیلە و هیچ نییە."*[4]

---

2 . M. Fennema, Democratie theorie in Jaarboek Vrede en veiligheid, Katholieke Universiteit Nijmegen 1997, pp. 117-135.
3. R.A. Dahl, A reface to Democratic Theory, University of Chicago Press, Chicago, 1956.
4 . J.-J. Rousseau, Het maatschappelijk contract of beginselen van het politiek recht (vertaling van Du contract social, 1762), Het Spectrum, Utrecht/Antwerpen, 1977, p. 92.

کاتێک لە سەر بنەمای تۆلەرانس لە دیموکراسی نزیک بینەوە، تووشی ئەو بۆچوونە بە ناوبانگەی بیردۆزیی لیبرالی بریتانیایی جان ستیوارد میل، دەبینەوە کە لە پرتووکەکەی دا بە ناوی *' سەبارەت بە ئازادیی'(1859)* دەڵێت: *" هەر کات هەرهەموو مرۆڤایەتی لە سەر یەک- بە جیا لە یەک نەفەر- خاوەنی یەک باوەڕ بن، کەچی ئەو تاکە بیرو باوەڕیکی دژ بە باوەڕیی ئەوانیتریی هەبێت، هێشتا مرۆڤایەتی مافی ئەوەی نییە کە ئەو مرۆڤە لە دەربڕینی بیر و باوەڕیی دا مەجبوور بە بێدەنگی بکات."*[5] بە واتەیەکی تر کۆمەڵ دەبێت بیرو ڕا جیاوازەکان لە خۆی دا جێ بکاتەوە و ڕێگای دەربڕین و خۆ سازدان لە گۆڕێ دا بێت.
ئەو بنەمایانە و زۆر لایەنی تری وەک ڕیسای زۆرینە/کەمینە، لە فۆرمدان و پێناسەکردنی دیموکراسی دا پێویستن، بەڵام هەبوونی پێناسەیەکی یەکدەست لەو دیاردەیە کارێکی گەلێک چەتوونە و کورد گوتەنی ئەو هەویرە ئاوێکی یەکجار زۆر دەبا. بەڵام لە گەڵ ئەو ڕاستییانەش دا کە لە ڕادەی کردەوە و زانستی دا باس لە سەر دیموکراسی دەخنە تەنگژەوە، دیموکراسیەکانی ئەو سەردەمە، هەر کامە بە نۆبەی خۆی کەم تا زۆر خاوەنی تێک هەڵکێشێک لەو بنەمایانەن کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا. بە شێوەیەکی گشتی، دیموکراسی ئاماژە بە فۆرمێک لە دەوڵەت دەکات کە بەڕێوەبردن و جێ بەجێ کردنی بایخگەلێکی وەک ئازادیی، بەرابەریی ، تۆلەرانس و هاوپشتی، لە کردەوە دا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو مسۆگەر بکات.

پاش ئەو باسە کورتە لە سەر دیموکراسی باشتر وایە پێناسەیەکی بەربڵاوتر لە دیموکراسی سیاسی گەڵاڵە بکرێت کە بۆ باسی ئێمەش بەکەڵک بێت. بە شێوەیەکی ڕوونتر مرۆڤ دەکارێت *دەوڵەتێک یا خۆ ڕێکخراوێک بە دیموکراتیک ناودێر بکات، کاتێک تەواویی شارۆمەندانی ئەو دەوڵەتە /ئەندامانی ئەورێکخستنە بتوانن کاردانەوەیان هەبێت لە سە ربەڕێوەبەریی وڵات/ حیزب و تەواویی شارۆمەندان /ئەندامان لە ئەساس دا وەک یەک چاویان لێدەکرێت و بەرابەرن.* هێندەک لایان وایە کە ئەو بۆچوونە لە سەر دیموکراسی هەنگاویەکی باشە لە جەهەتێکی درووست دا، بەڵام لەو باوەڕە دان کە: *" کاتێک مرۆڤ دەتوانێت قسە لە دیموکراسی بکات کە تەواویی ئەندامان / شارۆمەندان بتوانن کاردانەوەیەکی وەک یەکیان لە سەر بەڕێوەبەریی وڵات یا خۆ هێزێکی سیاسی هەبێت."*[6]

ئەو پێناسەیە ئاخریی زۆر ئیدئاڵانە دیموکراسی پێناسە دەکات، بەڵام پرسیارێک کە لێرە دا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە داخوا ئەو ئیدەیە قەت جێ بەجێ دەکرێت؟ هەر کات لە ئورگانێک دا ڕێبەریی هەڵبژێردرا، ئاشکرایە کە ڕێبەریی دەبێتە خاوەنی دەستەڵاتێکی زۆرتر، جا هەرچەند ئەندامان بخوازن کە قودرەتی سیاسی ڕێبەریی بەرتەسک بکەنەوە. هەر وەک لە سەرەوە دا باسکرا، کاتێک لایەنی ڕێبەریی و قودرەت دێنە کایەوە، ناکرێت هیچ کات قودرەت بە شێوەیەکی بەرابەر لە ڕیکخراوێک دا لە ئارا دا بێت. ڕەنگە هەر لە بەر ئەوهۆیە بێت کە ڕێبەریی کاردانەوە و قودرەتی لە ئەندامان زۆرترە، مرۆڤ نەخوازێت کە ئەو ڕێبەریە هەڵبژێریت، بەڵکوو ئەندامان لە ڕێگای کۆبوونەوە و ڕاوێژیی بەردەوام هەوڵ بدەن ڕاستەوخۆ جڵەویی کارەکان بەدەستەوە بگرن. ئەو بۆچوونە لە دیموکراسی ڕاستە وخۆ دا گرنگێکی تایبەتی هەیە. بەڵام لە کۆمەڵگای ئاڵۆز و پڕ گرێوگۆڵی مودێرنی ئەو سەردەمە دا کە مەیدانی کاری ئەحزابێکی جەماوەریی بەربڵاو و هەمەلایانەیە، دابەزاندنی دیموکراسی ڕاستەوخۆ زۆرتر لە خەیاڵ نزیکترە هەتا ڕاستی. ڕێژەی ئەندامانی حیزبێک یا دەوڵەتێکی کە دیموکراسی ڕاستە و خۆی دەکرێت تێدا جێ بە جێ بێت، لە چەند کەسێک یا کۆیەکی بچووک تێپەڕنابێت. لە

[5] . J.S. Mill, Over vrijheid (vertaling van On Liberty, 1859), Boom, Meppel/Amesterdam, tweede druk, 1986, p52.
[6] . W.A. Bauwget, Problemen der Democratie: Een sociologische en psychologische studie, Amesterdam, 1980, p.290.

گەڵ ئەوەش دا دیسان کەسانێک لە نێو ئەو ژمارە کەمەش دا سەر دەردەخن کە بە هۆی لێهاتوویی وکارامەیی تایبەت بە خۆیان جڵەوی کارەکان دەگرنە دەست و لە چاو ئەندامانی تر خاوەنی کاردانەوەی زیاترن لە سەر کار و بڕیارەکانی حیزب یان کۆمەڵگا.

*" لە ڕاستی دا سیستەمێکی دێموکراتیک کە لەوێدا قودرەت تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەک بە سەر هەموو ئەندامان دا دابەشکراوە، موومکین نییە و بی کەڵکە. چوونکە لە کردەوەی واقعیتی سیاسی ڕۆژانە دا بە باشی دەبیندرێت، کە کاردانەوە و نەفووزە نابەرابەرەکان لێرە و لەوێ سەر هەڵدەدەن. لەوە زیاتر لە دێموکراسێکی ڕاستە وخۆ دا، کە هەموو تاکێک کە لە ناوەندیی بڕیاردان دا خاونی قوودرەتێکی وەک یەکن، ئەو ناوەندە ڕێبەرییەلە توانای دا نابێت کە کومەڵگایەک یا خۆ ڕێکخراوێک بە باشی ڕێبەریی بکات و هەڵی بەسوورێنێت."* [7]

## 3. حیزب، تیپۆلۆژیەکانی و دێموکراسی ناوخۆیی

پێش ئەوە ڕاست وخۆ بچینە سەر وڵامی ئەو پرسیارە کە دێموکراسی ناوخۆیی چە مانایەکی هەیە؟، سەرنجێکی کورت دەدرێتە دیاردەی حیزب و تیپشناسیەکانی.
حیزبێکی سیاسی بەو دیاردەیە دەگوترێت کە کۆیەک لە مرۆڤەکان لە سەر بنەمای بینشێکی هاوبەش کە لە سەر جیهانی دەورۆبەریی خۆیان هەیانە، لێک کۆ دەکاتەوە. بینشێک کە ئەو جیهانە چلۆن دەبێت شەکڵی پێبدرێت و ڕێبەریی بکرێت. هەر ئەو بینش و جیهان بینییە دەبێتە هۆی ئەوە کە لایەنگران، ئەندامان و ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە دەوریی یەکتر کۆبنەوە ولە پێناویی جێ بە جێ کردنی ئامانجەکانیان دا یەک دەست و یەک دەنگ خەبات بکەن. ئەو کۆیە لە مرۆڤەکان خۆیان لە حیزب دا ئورگانیزە دەکەن بە مەبەستی ئەوە کە جەماوەرێکی زۆرتر لە دەوریی خۆیان کۆ بکەنەوە، ڕێکیان بخەن و ڕێبەریان بکەن. لە کاتی خۆشی دا ڕێبەریی و ئەندامان دەبێت لە سەر بنەمای ئەو بینشە کە ئەوان خەباتی بۆ دەکەن لە هەمبەر ئەو خەڵکە دا بەرپرسیار ووڵامدەر بن. لە زانستی سیاسی دا ئەرکەکانی ئەحزابی سیاسی لەسەریەک بەو جۆرە دەست نیشان کراوە:

- ئینتگرە کردنی جەماوەر بە مەبەستی پێک هێنانی یەکێتی و موبیلیزەکردنی ئەو جەماوەرە؛
- دۆزینەوە و دیاریکردنی کاندیداکانی ڕێبەریی سیاسی؛
- چوارچێوە دان و سازدانی هەڵبژاردەنەکان؛
- ئورگانیزەکردنی دەوڵەت؛
- گەڵاڵەکردنی سیاست و برنامەکانی بەڕێوەریی کۆمەڵگا؛
- پێکەوە گرێدانی قازانج و بەرژەوەندییە جیاوازەکان لە خزمەت ئامانجێکی گشتی دا.[8]

لێرە دا دەست نیشانکردن(گوزینش) و هەڵبژاردەنی پرسنولی سیاسی حیزبێک لە سەربناخەی ئامادەبوونی ئەو مرۆڤانە دامەزراوە، کە لە هەر هەل ومەرجێک دا پشتیوان و نوینەریی ئەو بینشە بن کە حیزبەکەیان دیاری کردوە و پارێزگاریی لێبکەن و بەرەوپێشی بەرن. ڕەوەندیی گوزینشی لە ئەحزاب دا ڕوویی لە مرۆڤگەلێکە کە خاوەنی ئیستعدادی سازماندان ورێبەری کردنی جەماوەربن و ڕادەیی ڕۆشنبیریان لە سەرێ بێت. هەروەها ئەو مرۆڤانە دەبێت خاوەنی هێز و توانایەکی لە مەزن بن بۆ ئەوە کە لە جیهانێکی پڕ لە گێژاوە و تێکوشانی سەخت و بێ وچان دا لە سەر پێ خۆیان بـمێنەوە و لە ژێر باریی قورسی خەبات دا نەچەمێنەوە و سەربەخۆی حیزبەکەیان بپارێزەن. جیاوازیی گرنگ لە نێوان حیزب و دێموکراسی لەوە دایە کە لە دێموکراسی دا تاک لە

---

6. J.Verhulst, Directe democratie en zijn risico's, Antwerpen, 1998, pp. 117-135.
8. A. King., Political Parties in Western Democracies. Polity, jg. 2, p. 120.

هەڵبژاردن دا، نەبەستراوە بە ویستێکی گشتی ودیاریکاری مەیدانی مانۆڤری خۆیەتی. کە چی حیزب دیاردەیەکی هەرەوەزیە و ویستی گشتی گرنگترینە. مەیدانی مانۆڤر و هەڵبژاردنی تاک بەستراوەتەوە بە ویست، بینش، پرنسیپەکان و نەزم و دیسپلینەکانی کە حیزب نوێنەرایەتی دەکا و لە سەریان دامەزراوە. حیزب بەرهەمی ئەو کۆیە لە تاکەکانە کە خاوەنی یەک ئاوات و ئامانجن و ئامادەن کە لە پێناوەی ئامانجە گشتیەکان دا ئازادیی تاکی خۆیان سنووردار بکەن.

## 3.1 . تیپشناسی ئەحزاب

لە ژیانی سیاسی، کەلتووریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەک دا بە پێی هەل ومەرج و ڕەخسانی هەل لە بوارەکانی خەباتی سیاسی دا، ئەحزابی جۆرواجۆر دێنە ئاراوە، کە هەرکام خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمندیی تایبەت بەخۆیانن و بە پێی ئەو تایبەتمندییانە لە گەڵ دیموکراسی ناوخۆیی هەڵسووکەوت دەکەن. لە ئەدبیاتی زانستی و سیاسی دا مرۆڤ دەکارێت چەند چەشنە تیپی جیاوازیی حیزب لێک جیا بکاتەوە کە بریتین لە: پارتی کادرەکان، پارتی جەماوەریی، پارتی هەمەگر و ئەحزابی کارتێلی.

ئەو چەشنە حیزبانە لە ڕێگای ساختاریی ڕێکخراوەیانەوە لێک جیا دەکرێنەوە و هەر وەها خۆ لێکتر جیا دەکەنەوە. حیزبی کادرکان یەکێک لە کۆنترین شیوازیی ئەحزابە. سەرهەڵدانی تیپێکی نوێ بە مانای لەبێن چوونی مۆدێلە کۆنەکان نەبووە و نییە. ئەو مۆدێلانە دەکارن کەم تا زۆر لە پەنا یەکتر دا بژین و لە هێندێک جێ دا تێکەڵی یەکتریش بن. سەرهەڵدانی ئەو جۆرواجۆرییە لە ڕێکخراوەکان دا وڵامێکە کە ئەحزابی سیاسی بە تەکامولی تەدریجی سیاست لە شوێنی ژیانیان دا دیدەنەوە. لە ڕاستی دا کەمە هەڵدەکەوێت کە هێزێکی سیاسی لە فۆرمێکی پاقژیی ئەو مودێلانە دا بدۆزرێتەوە. بەڵام لە ڕێگای ئەو تیپشناسیەوە مرۆڤ باشتر دەتوانێت ئەحزاب بناسیت. ئەو دابەشکردنە ڕێگا خۆش دەکا بۆ وردبوونەوەیەکی تئوریک لەو شێوازانە کە ئەحزاب لە درێژایی مێژوو دا خۆیان لە سەر ڕێکخستووە. لە هەمان کاتدا ڕێگامان بۆ دەکاتەوە تا بزانین کە پێوەندیی نێوان نووخبەکان و ڕێبەریی حیزب و ئەندامان و کۆمەڵانی خەڵک چلۆن شکڵی گرتووە.

بۆ نموونە پارتی کادر لە ڕاستی دا بە شوێن ئەندام دا ناگرێت. ئەوە تەنیا ڕێبەریە کە هەمە کاریە. ئەندام بوون تەنیا شتێکە کە بە بەڕن و باڵای هەڵکەوتوان براوە. لە حیزبی کادرەکان دا لە نێوان ڕێبەریی و ڕێڕەوان دا جیاوازیکی ئەوتۆ بەدیی ناکرێت. ئەندامانی ئەو حیزبە لە ڕاستی دا هەر هەموو لە ڕێبەریی دان. *"ئەو چەشنە پارتییە خاوەنی ساختاریکی دیسێنترالیزەکراوە کە قودرەت لە ناوەند دا کۆ نابێتەوە. ئەوش لە بەر ئەوە نییە کە ئەو مۆدێلە گەڵێک دێموکراتیکە، بەڵکو لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەندامانی ئەو حیزبە کۆیەکی بچووکن."*[9]

لە حیزبێکی جەماوەریی دا کۆکردنەوەی ئەندام، بنەمایەکی بێ ئەولاو ئەولای سیاسی و ماڵی حیزبە. لە بر ئەو ڕاستیە کە ئەندامان مۆتۆڕیی ئەسڵی کار و خەباتی حیزبن. حیزبێکی جەماوەریی بە بێ ئەندام وەک مامۆستایەکی بێ قوتابی وایە. ئەندامانی حیزب هێزیکی مادیی مەزنی ڕێکخراوەکانی حیزب پێک دەهێنن. لە حیزبێکی لەو چەشنە دا بۆ ئەوە کە هەموو ئەندامان لە ڕیزێک دا و بە هاوپشتی یەکتر لە ڕێبازیەک دا هەنگاو بنێن، خاوەنی ساختاریکی پایەگانیە. کۆنگرە گرنگترین ئورگانی بڕیاردانە لە حیزب دا، و ئەو ئورگانە سەرچاوەیی دانی شەرعیەتێکی دیموکراتیکە بە ئۆتۆریتەی ڕێبەریی حیزب . لە حیزبێکی جەماوەریی دا کەسێک یا خۆ چەند کەسێک جڵەویی ڕێبەریی بەدەستەوە دەگرن. *"لەو مۆدێلە دا ڕێکخراوەکانی حیزبی لە سەر*

---

[9] . M. Duverger , Political Parties, New York, 1954, pp. 83-92.

*ئەساسی نەزم و دیسپلین پێک دێن ومسۆگەر دەکرێن. هاوپشتی، نەزم و دیسیپلین کۆڵەکەکانی قودرەتی حیزبێکی جەماوەرین."* [10]

مودێلی ئەحزابی هەمەگریش سەرنج دەدا بە ئەندام، بەڵام ئەو چاوەڕوانیی لە ئەندام نییە کە لە حیزبی جەماوەریی دا باوە. *"ئەو حیزبە تەنیا نوینەرایەتی لایەنێکی کومەلایەتی لە کومەل دا ناکا و لای وایە کە دەبێت کراوە بێت. ئەندامان زۆرتر وەک پردێک دەبیندرین لە نێوان حیزب و جەماوەرێکی مەزنتریی خەڵک دا. لەو مودێلە دا قودرەت لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، نەک بە پێچەوانە."* [11] حیزب لە پێش دا وڵامدەرە لە هەمبەر جەماوەر دا هەتا لە هەمبەر ئەندامانی حیزب یا خۆ کۆنگرە دا. حیزب خۆی زیاتر وەک ئاڵقەی پێوەندیی نێوان چەند کۆی جیاواز لە کومەڵگا و دەسەڵات دا دەبینی. لە کۆتایی دا لە مۆدێلی کارتێل پارتی دا ڕێبەریی و سیاسەت تەنیا شیاویی مرۆڤەکانی شارەزا و زانا لە بووارەکانی سیاسی و بەڕێوبەریی دایە. گرنگی دێموکراسی لەو مۆدێلە دا لە هەڵبژاردەنی هەڵبژێردەراوان دا خۆی دەبینێتەوە. لە دەلاقەی ئەو مۆدێلەوە، دێمۆکراسی هەلێک دەرخسێنێت کە دەنگدەران دەتوانن لە نێوان چەند حیزب دا نوینەرانی خۆیان هەڵبژێرن. هەر بۆیە ڕۆڵی خەڵک هەر تەنیا لە کاتی هەڵبژاردەنەکان دا پێویستە وگرنگە

هەر کام لەو مودێلانە خاوەنی ڕۆانگەی تایبەت بە خۆیانن لە سەر دێموکراسی بە گشتی و دێموکراسی ناوخۆیی بەتایبەتی. بۆ نموونە کارتێل پارتی گرنگیکی زۆرتر دەدا بە رێبەریی ناڕاستە و خۆی سیاسەت لە ڕیگای هەڵبژاردنەوە. لە حیزبێکی جەماوەریی دا بە پێچەوانەی کارتیل پارتی، ساختاریی دێموکراتیکی ناوخۆیی حیزب لە دێموکراسی دا ناوەندە. "هەرچەند ئەندامانی کارتێل پارتی مافی زۆرتریان هەیە-بۆ نموونە هەڵبژاردەنی ڕاستە وخۆی بەرپرسی یەکەمی حیزب هەتا ئەندامان پارتێکی هەمەگیر. بەڵام لەو نێوە دا شتێک بە تەواویی دەگۆڕدەرێت. هەر کات ئەندامان بۆ مافەکانی خۆیان دێنە مەیدان، ئەو کارە بە شیوەیەکی هەرەوەزیی ناکەن، بەڵکوو بە شێوەی تاکەکەسی دێنە مەیدان و مافەکانیان بەکار دەهێنن. ئەو ئاڵوگۆڕە لە جیهانی زانستی دا پێی دەوترێت" ئەتۆمێزەکردنی کۆنسیپتی ئەنداماتی لە حیزب دا."[12]

وای دابنێین کە حیزبێک کاتێک دێموکراتیک عەمل دەکات کە زۆربەی هەرە زۆریی ئەندامانی ئەو حیزبە لە بڕیارەکانی حیزبی دا بەشدار بن. بە واتەیەکی تر هەر بڕیارێک کە دەدرێت لە لایەن هەموو ئەندامانەوە بە شێوەیەکی دێموکراتێک هەڵدەسنگێندرێت. هێندێک لایان وایە کە ئەو بۆچوونە دوور لە واقعیتە. هەر ئەندامێکی حیزب خاوەنی دەنگێکی یەکسانە، بەڵام ئەو دی فاکتۆیە پێویست ناکا نیشان بدا کە حیزبێکی لەو چەشنە، کارکردێکی دێموکراتیکتریی هەیە لە حیزبێک بە سیستەمێکی نوینەرایەتی. سیستەمی نۆێنەرایەتی باشتر دەتوانێت جەماور ڕێک بخات و بە هۆی هەبوونی ڕێبەراتیکی بچووکتر دەکرێ باشتر بڕیار بدرێت، وتوویژ و ڕاوێژ بێتە ئاراوە و کار و بڕیارەکانی حیزبی بە خێرایی جێ بە جێ بکرێن. لە کرانەوەی ئەو باسە دا دیاردەیەکی تر سەرهەڵدەدا. ئەویش ساختاریی ئەحزابە. لە لێکوڵێنەوە و باس لە سەر ساختاریی ناوخۆیی ئەحزاب دا دوو شێوەی جیاواز هەیە*" ئەحزابێک بە ساختارێکی ڕاستە و خۆ و هێندێک هێز بە ساختارێکی ناڕاستە وخۆ. لە یەکەمین شێوە دا ئەندامانی حیزب دەقاودەق بە مانای تەواویی وشە ئەندامی حیزب نین. ئەوانە گروپێکن لە ئەندامانی سەر بە کۆیەک (کرێکاران، جوتیاران، یا خۆ نەتەوەیەکی بن دەست) کە بە شێوەیەکی هەرەوەزیی بە حیزبەوە بەستراون. لە حیزبێک بە ساختارێکی ڕاستە و خۆوە، چەند کەسێک پشت ئەستوورن*

---

[10] . K.Witte, Organiseren en veranderen, Amsterdam 1996, p.166.

[11] . O. Kirchheimer 1966. Politische Herrschaft : fünf Beiträge zur Lehre vom Staat / 2. Aufl / Suhrkamp / 1967.

[12] . Mair & Katz, How parties organize : change and adaptation in party organizations in western democracies,1994, p. 114.

*بە ئەندامان بە بێ هیچ چەشنە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی. هەر بەو دەلیلە ڕێبەریی خاوەنی پێوەندییەکی قووڵتر و پتەوترە هەتا حیزبێک بە ساختاریکی ناڕاستە وخۆ."* [13]

دابەشکردنێکی تر کە لە ئەدبیاتی زانستی دا لە سەر ئەحزابی سیاسی دەکەوێتە بر چاو، بریتیە لە مودێلی خردەگەرایی کارامە و پارتی دێموکراسی. لە پارتی دێموکراسی دا ڕێکخراویی حیزبی گرینگێکی بێ وێنەی هەیە. کەچی لە مودێلی خرەدگەرایی کارا دا، ڕێکخراو تەنیا ڕۆڵێکی عەمەلکردیی هەیە کە لە خزمەت ساز دانی جەماوەر دایە، هەتا ڕەگەڵی کەون. لە مودێلی خرەدگەرایی دا تایبەتمەندیی ڕێکخراویی حیزب لە لایەن هەل ومەرجێک کە حیزب خۆی تێدا دەبینێتەوە دیاریی دەکرێت. ڕێکخراویی حیزبی دەتوانێت بە هێز یا خۆ لاواز دامەزرابێت، سانترالیستی بێت یا خۆ دێسانترالیستی بێت، زۆر داخراوە یا زۆر کراوە بێت. هەموو ئەوانە بەستراوەتەوە بە هەلومەرج و سیاسەتی شوێنی ژیانی حیزب. بە پێچەوانەی پارتی دێموکراسی کە خاوەنی ساختاریکی پتەوە، باش ئورگانیزەکراوە ولایەنەکانی ناوخۆیی بە باشی تێکدا گونجێندراون.[14]

لە هەر دوو مودێل دا رۆڵیک کە بە ئەندامان دەدرێت، جیاوازن. مودێلی خرددگەرا هێندێک ئەندامی پێویستە کە هێز کۆبکاتەوە، کەچی کاریی سیاسی بە تەواویی دەدرێت بە رێبەریی. ئەندامان شتێک زیاتر لە هێزیکی چالاک نین کە لە هەموو هەل ومەرجەکان دا بانگەواز دەکرێن بۆ بەڕێوەبردنی کارو بڕیارەکانی حیزبی و سیاسی. مودێلی دێموکراسی گرنگێکی تایبەتی دەدا بە بەشداریی چالاکانەی سیاسی ئەندامانی. لەو مودێلە دا شەرعییەتی دێموکراتیکی بڕیار و کار و کردەوکانی ناوخۆی حیزب بەستراوەتەوە بە بەشداریی ئەندامان. ئەندامان تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا قووت نابنەوە. لەو ڕوانگەیە ڕا حیزبێکی سیاسی تەنیا ماشێنێکی ئینتخاباتی نیە. حیزبێک دەبێت کراوە بێت و ساختارێکی دێموکراتیکی هەبێت کە بەشداریی خەڵکانێک کە ئۆگریی سیاسەتن مسۆگەر بکات.

لە مۆدێلی دێموکراسی دا بڕیارە سیاسیەکانی ناوخۆیی حیزب بەتایبەتی گرنگێکی سەرەکییان هەیە. هەرلە بەر ئەوە کە دێموکراسی ناوخۆیی پەرەی پێبدرێت، باس و دانووستان هەم لەسەرەوە و هەم لە خۆارەوە گرینگ و خوازراوە. لەو مودێلە دا رێبەریی دەبێت هەردەم لە دیالۆگ دابێت لە گەڵ بەدەنەی خوارەوە. مودێلی خەرەدگەرا بە دڕدۆنگییەوە چاو لە دێموکراسی ناوخۆیی دەکات. لەو ڕوانگەیەوە دێموکراسی ناوخۆیی دەبێتە هۆی ئەوە کە لایەنی ئوپوزیسیون کەڵکی ستراتیژیک بە قازانجی خۆی لێ هەڵین جێت. دێموکراسی ناوخۆیی دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر لایەن و تاکێک لە ژێر ناوی دێموکراسی دا خۆی لەوانیتر بە دێموکراتر بزانێت و ژێر پێی ئەوانیتربەتاڵ بکات. دێموکراسی ناوخۆیی کارکرد، نەزم و دیسپلینی ناوخۆی حیزب غەیرە موومکین دەکا و دەبێتە هۆی دووربوونەوەیی حیزب لە ناوەندیی کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکان. ئەولەوێتی مۆدێلی خە رەدگەرا زۆرتر ڕوویی لە سەرکەوتنەکانە لە جیهانی دەروە دا، هەتاکوو دەڵەڕاوکێی دێموکراسی ناوخۆیی. هەر بۆیە لە ئەدبیاتی زانستی لە مەڕ دێموکراسی حیزبی دا زۆر باوە کە هەرچەند دێموکراسی ناوخۆیی مسۆگەرە، بەڵام دیاردەیەکی خوازراو نییە. ئەو ڕوانگەیە لای وایە کە دێموکراسی لە نێوان حیزبەکان دا پێویستە و دەبێ ببێت، بەڵام لە نێو خۆی حیزبەکان دا پێداویستێکی ئەوتۆ نیە.

---

[13] . Duverger, p. 22-34

[14]. W.E. Wright, A comparative study of party organization, 1971, pp.35-57.

## 3.2. دێموکراسی ناوخۆی

پاش ئەو باس و لێکدانەوەیە، پرسیارێک کە مەبەستی ئەو باسە بوو وڵامی پێبدرێتەوە، ئەوەیە کە دێموکراسی ناوخۆیی حیزب چە مانایەکی هەیە؟ لەو باسە دا دوو ڕۆانگە دەردەکەون.
یەکەم پێناسە لە سەر دێموکراسی ناوخۆیی، قوورسای دەخاتە سەر کارایی و هەدەفمەندیی ئەندامان لە حیزب دا. ئەوە بەو مانایە کە ئەوانیش دەتوانن چوارچیوەی تێکوشان و سیاسەتەکانی حیزب دیاریی بکەن و باس و لێکدانەوەیان هەبێت و بریاردەر بن لە سەر چلۆنایەتی دارشتنی سیاسەتەکانی حیزب لە هەل و مەرجی جیاوازدا. لەو چوارچێوەیە دا ئیدە وبیر و بۆچوونەکانی ڕێبەریی حیزب بی ئەولاو ئەولا و دوور لە هەر چەشنە باس، ڕاوێژ و لێکدانەوەیەک وەک بۆچوون و ئیدەی هەموو حیزب چاویی لێ ناکرێت. کاراکتەریی دێموکراتیکی حیزب ڕێگا بۆ ڕێبەریی خۆش دەکا کە دەنگ و ویستی ئەندامان بۆ دنیایی دەرەوە بێت و هەر لەهەمان کاتیشدا بلیندگۆی ئەو ویست، نیاز و کێشەکانی کۆمەڵگا بێت. گۆێ ڕایەڵ بوونی ڕێبەریی بە ئەندامانەوە بەو مانایە نیە کە ئەندامان لە هەر کات و لە هەر بۆنەیەک دا کار و تێکۆشانی ڕێبەرایەتی لە حیزب دا سنووردار بکەن. ڕێبەریش بە نۆبەی خۆی دەتوانێت بە ئیدە و بیرو بۆچوونەکانی خۆی، بەدەنە و کۆمەڵانی خەڵک بێنیتە سەر ئەو باوەڕە، کە گۆێڕایەڵی بن و بیر و بۆچوونەکانی بکەن بە ڕێبازیی حیزب.

دووهەمین نزیکبوونەوە لە دێموکراسی ناخۆیی ئەحزاب دا، زۆرتر جەخت دەکاتە سەر ئەو لایەنە کە بریارەکان لە حیزبێک دا کە بە شێویەکی دێموکراتیک ڕێکخراوە، پێویست ناکا بی ئەولاوئەولا لە بەدەنەوە سەرچاوە بگرێت. لەو ڕوانگەیە ڕا دێموکراسی ناوخۆیی حیزب بەو مەبەستە نیە کە ئەندامانی هەڵسووڕ لە ئۆرگانە جیاوازەکانی حیزب دا، کە لە ڕەدەی تەشکیلاتی خۆیان دا بریاردەرن، ئاخرین قسە بکەن و بریاربدەن. بەڵام زۆرتر ئەوە دەگەێنێت کە ڕاستە وخۆ یا ناڕاستەوخۆ ڕێبەریی حیزب و بەرپرسیارەتێکەی بخەنە ژێر چاوەدێریی و لە کاتی خۆی دا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئالوگۆڕ لە ڕێبەریی دا بهێنە کایەوە. ڕێبەریی کۆن (یا خۆ بەشێک لەو ڕیبەریە کە لێی ڕازیی نین) وەلا نێن و ڕێبەریی نوێ هەڵبژێرن. *"لێرە دا ڕادەی دێموکراسی ناوخۆیی بە پێی هەل ومەرج و کات دەتوانێت جیاواز بێت. ئەو بۆچوونە لە ڕاستی دا لای وایە کە ئەندامان گۆێڕاێڵیکیان پێیە و لە پشت دەرکی ڕێبەریی خۆیان مات داوە و لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا ئەو چەکە بەکار دەهێنن."* [15]

وەهەر حاڵ، دێموکراسی لە حیزبێک دا بریتییە لە کۆیەک یاسا و ڕیسای ناوخۆی، کە ڕێگا خۆش دەکەن بۆ ئەندامان لە هەموو ڕدەکانی تەشکیلاتی کە لە باس و بریارەکاندا بە شێوەی ڕاستە وخۆ یا ناڕاستە وخۆ بەشدار بن و مافی ئەوەیان هەبێت کە هەڵبژێرن و هەڵبژێردەرن. دێموکراسی ناخۆی کەرەسەیەکە کە دابەشکردنی قودرەت لە حیزبێک دا هەر لە ڕیگای هەڵبژاردنەکانەوە مسۆگەر دەکا، ڕادەی بریەرسیاریەکان دیاریی دەکات و شەرعیت دەدا بە ئوتوریتە و سیاسەتێک کە ڕێبەریی هەڵبژیردراو نوێنەریی دەکات. بۆ ئەوە کە ئەندامان بە باشترین شێوە لە هەڵبژاردنەکان، باس ودەمەقاڵەکانی ناوخۆی دا بەشداریی بکەن، ڕای خۆیان فۆرمۆلە بکەن و بریاریی خۆیان بدەن، دێموکراسی ناوخۆیی دەبێت فەزایەک پێک بهێنێت کە هەموو لایەک دەستی بە سەرچاوەکانی زانیاریی ڕابگات. ئەوەمان نابێت لە بیر بچێت کە ئەو وەردبوونەوە لە سەر دێموکراسی ناوخۆیی لە گەڵ پراتیکی سیاسی و واقعییەتی سیاسی ڕۆژانەی ئەحزاب دا بە تەواویی ناێتەوە. بۆ نموونە، بەرنامەی ئەحزاب و سیاسەتە کەلانەکانی حیزب، هەمیشە لە سەرەوە و لە لایەن ڕێبەریی ڕا گەڵاڵە دەکرێت و

[15] . R.A.Koole, De Permanente kritiek op politieke partijen', in: Beleid & Maatschappij, 2000, pp. 2-9.

بۆ دەنگدان دەخرێتە بەردەم. ئەندامان دەتوانن لە سەر قەبووڵ یان ڕەتکردنەوەی ئەو برنامە دا دەنگ بدەن، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکیان نیە لە سەر فۆرمولە کردنی ئەو بەرنامانە و سیاسەتانە.

لێرە دا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بکرێت کە ئەحزاب دەخوازن ماشێنێکی باشی بە نەزم و پر تەحرۆکی جوڵانەوەیکی دێموکراتیکی جەماوەریی بن، کە لە توانایان دابێت بەرژەوەندیەکانی جەماوەریەک کە ڕێبەریی دەکەن بە باشی نوێنەرایەتی بکەن و ئاوات و ئامانجەکانێان وەدیبهێنن. هەمووحیزبیکی مەسئول و چالاک بە شوێن ساختارگەڵێکی دروست دا دەگرێت کە بوونی ڕێکخراویکی هەدەفمەند و چالاک گارانتی بکات و زەرەرنەدات لە شەرعیەتێکی دێموکراتیک کە ڕێبەریی پەشتی پێ بەستووە. ساختاریی حیزبی پێش هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە ئەو هەڵبژاردەنە ستراتیژیکیانە کە ڕێکخستنەکان گەڵاڵەی دەکەن. حیزبێکی سیاسی ناتوانێت هەر لە یەک کات دا هەم خاوەنی دێموکراسیکی ناوخۆیی بی گرێوگۆڵ بێت و لە هەمان کاتیش دا خاوەنی هێز و توانایەکی هەدەفمەند و پر دەستکەوتی سیاسی بێت. هەموو هێزیکی سیاسی پێویستی بە ڕێبەریکی بە هێز هەیە کە لە توانای دابێت هەڵبژاردەنە ستراتیژیەکانی خۆی بە باشترین شێوە ئەنجام بدات. هەروەها ئەورێبەرە بۆ ئەوە کە بتوانێت لە مەیدانی تێکوشانی ڕۆژانەی دا لە لایەن دژبەرکانی ڕا بە جیدیی بگیرت و بکەوێتە ململانەی سیاسی، پێویستی بە وەفاداریی، هاوپشتی و هاودەنگی هاوسەنگەرانی هەیە. نەبوونی ئەو متمانەیە و پلارتیگرتنی بەردەوام لە ڕیبەریی و ئوتوریتەکەی بە مانای لاوازبوون و لەپەراوێزکەوتنی ڕێکخستنەکەیە.

## 3. ڕێگاکانی دێموکراتیزەکردنی ئەحزاب

لە ڕاستیدا دێموکراسی ناوخۆیی، و کارایی و هەدفمەندیی بەرێوەبەریی دوو دیاردەن کە باش پێکەوە هەڵناکەن. بەڵام دۆزینەوەی ساختارێکی دێموکراتیک و شێوازێک لە دێموکراسی ناوخۆیی بە سنوورێکی دیاریکراووە، لە گەل ئەوەدا کە کاریکی گەلێک زەریف و گرانە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ ئەو هێزانە کە لە جیهانێکی دێموکراتیک یا خۆ لە پێناویی دێموکراسی دا خەبات دەکەن گەلێک پێویستە. جا هەر بۆیە مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدا کە ئەو دوو لایەنە بە باشترین شێوە دەستملانی یەکتر بکات.
خێرا سووڕانی چەرخەی جێگۆڕکێ لە ڕادەی ڕێبەری و کاربەدەستانی سیاسی ڕێکخراوەکانی حیزبی دا یەکێک لەو ڕیگایانەیە کە دەتوانێت لە خەزمەت دێموکراتیزەکردنی هەرچی زیاتریی ئەحزاب و کۆمەڵگا دا بێت، و هەر لەو کاتش دا لە هەدفمەندیی و کاراییی حیزب کەم نەکاتەوە. ئەوە ڕاستە کە هەر چەند ساڵ جارێک هەڵبژاردەن دەکرێت و ئەشێ لەو هەڵبژاردنانە دا جی گۆڕکێ بە مۆرەکانی بەرێوەبەریی و سیاسی بکرێت، بەڵام وادیارە ئەوە هەر بە تەنیا بەس نییە.

لە ئەحزاب دا کەسانێک هەن کە بۆ ماوەیەکی یەکجار دوور و درێژ لە بەرێوەبەریی حیزبێک دان. مانەوەی درێژخایەنی مرۆڤەکان لەو ڕادەیە دا هەم لایەنی باشی هەیە و هەم لایەنی خراو. لایەنی باشی بریتیێە لە وەسەریەک نانی ئەزموونێکی زۆر و شارەزا بوونی هەرچی زیاتر لە کاری پێ ئەسپێردەراوییان دا. بەڵام لایەنە خراوەکە ئەوەیە کە مانەوەی چەند کەس یا خۆ کەسانێک بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە قوودرت دا دەبێتە هۆی ئەوە کە قودرەت لەو ماوەیە دا هەر لە دەست بەشێکی بچووک دابێت، کە دەتوانێت کەڵکی خراپی لێ وەربگریت. مرۆڤگەڵێک کە لە مەودایەکی درێژ دا لە پۆستە سیاسی و بەرێوەبەریەکان دا دەمێنەوە، لە خۆبایی دەبن و تووشی خۆ بەزلزانی و خۆپەرستی نارەوا دەبن. ئەوان چیتر توانای دیتنی ڕاستیەکانی دەوربەریان

نامێنێت و قوودرت و توانایەکانی سیاسی و ڕێبەریی خۆیان لەوە زیاتر دەبینن کە لە ڕاستی دا خاوەنین. هەر بۆیە بە کۆرسیەکانی قودرەتەوە دەچەسپن و بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن پلەوپایەی خۆیان لە ڕێکخراوە دا بپارێزن. ئەو کەسانە دەتوانن لە درێژ خایەن دا ڕایەڵەیەک بۆ ڕیاکاریی، چاپلوسی و گەندەڵی لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی دا پێک بهێنن. لەو ڕایەڵەیە دا، دیاردەگەلێکی وەک ئامانجی گشتی، لێهاتوویی، زانست، کارایی،داهێنان، نوێکردنەوەی سیاسی و هەدفمەند بوون جێگای خۆیان دەدەن بە پێوەندیی و بەرژەوەندیی شەخسیی، موتیع بوون، ترسان لە گۆڕان و فێڵ و تەڵەکەی دوور لە ئەخلاقی سیاسی بۆ ڕاگرتنی کورسی دەستەڵات. هەرهەموویی ئەو تایبەتمەندیانەش بە نۆبەی خۆیان دەبنە هۆی گەشە نەکردن و سەرهەڵنەدانی سیاسەت وانان و بەڕێوەبەرانی لێهاتووی نوێ. لە پەنا ئەوەش دا مانەوەی ئەو کەسگەلە لە هیرەمی قودرەت دا، وەگەڕخستنی پرۆسە و مەکانیزمەکانی نوێکردنەوە، بەخۆداچوونەوە و بەرەوپێشچوون چەتوون دەکات و بەرە بەرە لە نێویان دەبات. بە کورتی وەستان و نەگۆڕان دەبێتە هۆی گەنخانی کەلتوریی زیندوویی سیاسی و لەگرێژەنە چوونی یاسا و ڕێساکانی نێوخۆی ڕێکخراوکان.

جێ گۆڕکێیە لە دەسەڵات و ڕێبەریی دا دەکرێت بە شێوازیی جۆرواجۆر بێتە ئاراوە. *'یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگ و هەر لەو کاتش دا گەلێک پێویستی ئەحزاب لەو سەردەمە لە ژیانی خۆیان دا بریتیە لە دیاری کردنی لیستی ئەندامانی ڕێبەریی بۆ ناوخۆیی حیزب وهەروەها بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی وەزارتی، پارلمانی وبەڕیوەبەرایتی هەرێمی و ناوچەییەکان. ئەحزاب لە ڕاستی دا مۆنۆپۆلیان هەیە لە سەر دیاریکردنی لیسیتی نوینەرانیان بۆ هەڵبژاردەنە ناوخۆیی و دەرەکەیەکان'.*[16] بە واتەیکی تر ئەحزاب دەتوانن لە قۆناخە جیاوازەکانی ژیانی خۆیان دا بە پێی پێداویستیەکانی ناخۆی و دەرەکێیەوە دەست بەدەنە نوێ کردنەوەی ڕیزەکانی خۆیان لە ڕێگای لیستی هەڵبژاردەکانەوە. هەر حیزبێکی مەسئول و جیدیی دەبێت لە دیاریکردنی کاندیداکانیان دا ئەو پەڕیی هەستیاریی و بەرپرسایەتی لە خۆی نیشان بدا. ئەو کارە دەتوانێت ڕێگا بۆ ئەوە خۆش بکات کە حیزبێک هێز و توانای تازە بە دنیای دەرەوە بناسێنێت و بەرەبەرە جڵەوی کارەکانیان بداتە دەست. بە مەبەستی نوێکردنەوەیی ڕێبەرایەتی دەکرێت کومێتەی ناوەندیی یا خۆ کۆمسیونێک کە لە لایەن ئەو کومێتەوە پێک هاتووە ئەرکی دیاریکردنی ئەندامانی لیستی کاندیداکانی بۆپۆستە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان لە سەر بنەمای پسپۆریی، کارامەیی و توانایی بە ئەستۆ بگرێت. پاشان هەر ئەو لیستە پێش کێش بە گۆنگرە بکرێت و دەنگی لە سەر بدرێت.[17]

هەروەها لەو پێوەندیە دا گەلێک گرنگە کە سیاسەتمەداران و بەڕێوبەرانێک کە لە داڕشتنی سیاسەت و بەڕێوەبەریی دا سەرکەوتوو نین، لە لایەن ئورگانەکانی پێوەندیدارەوە حیزبیەوە داویان لێبکرێت کە لە پۆستی بەڕێوەبەریی خۆیان خۆ بکێشنەوە. بۆ ئەوە کە هێز وتوانا و خوێنیکی نوێ بە شارەگەکانی ڕێکخستن دا بگەڕێت، دەبێت حیزب ئەو میکانیزمانە پێک بەهێنێت کە یارمەتیدەرن بۆ هاتنە کایەی نەسڵی داهاتوویی ڕێبەران و بەرپرسانی حیزبی. بۆهێنانی بەرەی نوێ بۆنێو بازنەی ڕێبەرایەتی پێویستە لە ئورگانەکانی حیزبی دا کار و بەرپرسایەتی گرنگیان پێ بسپێردرێت، و بەوشێوەیە یاریدەدریان بن لە وەسەریەک نانی ئەزموون دا. حیزبێکی سیاسی کە دەخوازێت لە مەیدانی کۆمەڵایەتی-سیاسی ئەمرۆ و داهاتوویی کۆمەڵگایەک دا بمێنێتەوە و مانا و ڕۆڵیکی سەرەکی هەبێت، ناکرێت چۆنیەتی جڵەوداریی، بەڕێوەبەریی و سیاسی ڕێکخراوەکەی بۆ گرنگ نەبێت و بیریی لێنەکاتەوە. هەر لەو کاتش دا عەملکردیی دیموکراسی سیاسی بۆ بەشێکی زۆر بەستراوەتەوە بە لایەنی ڕێبەریی و بەڕیوە بەریی. پێوەندیی دیموکراسی و ئەحزاب لەو خاڵە دا گرینگی خۆی دەردەخا.

---

[16]. R.A. Koole, p. 17.

[17] لیستەی فیکس کە لام وایە نەمر دوکتور قاسملوو هەر بەوشێوەیە کە لەسەرەوە باسم کرد، لە کۆنگری 8ی حیزب دا کەڵکی لێورگرتووە

دێموکراسی کاتیک بە باشترین شێوە عەمل دەکا کە هاوکات بێت لەگەڵ شێوازێک لە ئەرستوکراسی. لێرە دامەبەست لە ئەرستوکراسی دەسەڵاتدارەتی ئەشرافی یا کۆیەکی تایبەتی نییە. بەڵکوو مانای دەقاودەقی یونانی ئەو وەشەیە مەبەستە. ئەویش بریتیە لە دەسەڵاتداریی باشترینەکان.
ئێستا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە چە کەسانێک باشترینەکانن؟ بە واتەیەکیتر کام پێوانە گەرەکە کە باشترینەکان بدۆزرێنەوە و هەڵبژێردەرێن؟. یەکێک لە کۆنترین بیردۆزانی بەڕێوەبەریی سیاسی، کۆنگ فوو تسە کە بە کۆنفووسیوس ناوبانگی دەرکردەوە دەڵێت کە: *" لەبەر ئەوە نابێت کەسێک گەلەوگازەندەی هەبێت کە بۆچ هیچ پەلەو پایەیکی دەسەڵاتی نییە، بەڵکوو دەبیت بیر لەوە بکاتەوە کە توانای و لێەوەشاوەیی ئەو پەلەوپایەیە هەیە یا نا. نابێت مرۆڤ گلە و گازەندەی هەبێت کە بۆ ناوبانگێکی نییە، بەڵکوو مرۆڤ دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە بایەخی ئەوەیی هەیە ناوبانگی هەبێت یا نا."*[18] کە وابوو بەشداریی مرۆڤ یا کۆیەک لە مرۆڤەکان لە بەرێوەبەریی و یاخۆ ناوەندیی سیاسی هێزیک دا هونەر نییە. بەڵکوو مرۆڤگەلێک کە دەخوازن ئەو ئەرکانە وە ئەستۆ بگرەن، دەبێت پێش هەموو شتێک ئەوەند هەست بە مەسئولێت بکەن و لە خۆیان پرسیار بکەن کە ئاخۆ توانای وەرگرتنی ئەو پەلەو پایەیان هەیە و یا خۆ شیاویی ئەوەن کە ناویان لە ناو ناوان دا بێت.

بەڵام کەنگێ مرۆڤ دەتوانێت بەکەڵک بێت بۆ بەڕێوەبەریی و سیاسەت؟ ماکس وێبر لە نوسراوەیەکی دا لە ساڵی 1918 دا لە سەر ***'سیاسەت وەک کار'*** دەنووسێت کە: *" سێ تایبەتمندیی بۆ سیاستمداریەک بڕیاردەرەن: مەیل و ئۆگەریەکی سروشتی بە سیاست کە لە زاتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگریت، هەست بە برپرسایەتیکردن ، توانای وردبینی لە لێکدانەوە و پێشبینێیەکانی هاوڕی لە گەڵ ڕادەیەک لە دوورەپەرێزیی."*[19] مەبەستی وێبر لە ئۆگریی سروشتی ئەوە بوو کە مرۆڤ بتوانێت بە تەواویی مانا لە خزمەت ئامانج و بیر و باوەڕ و کارەکەی دا بێت، لە پەنا ئەو خۆبەخشینە تەواوە دا دەبێت هەست بە بەرپرسایەتیش لە بەرامبەر کاروکردەوەکان و سیاسەتەکانی دا بکات و وڵامدەر بێت. سیهەمین تایبەتمندیی ئەوە دەگەینێت کە مرۆڤی هەڵکەوتوو دەبێت واقعیەتێکی کە تێدایە بە باشی بەناسێت و لەخۆی دا هەزمی کات و بە دوورەپەرێزییەک لە هەمبەر دیاردەکان و مرۆڤەکان دا هەڵسووکەوت بکات. نەبوونی ئەو دوورە پەرێزیە لە ڕۆانگەی وێبرەوە یەکێک لە کەمایەسیەکانی سیاسەتوانانە. تەنگەژەیەک کە لەو بۆچوونەی وێبر دایە ئەوەیە کە چلۆن دەکرێت مرۆڤ بە هەموو هیز و تواناییەوە، بە ئۆگرێکی بی بڕانەوە لە خەزمەت ئەهدافێک دابێ، بەڵام هەر لەو کاتەش دا دوورە پەرێزیی بکات لە هەمبەر مرۆڤەکان و دیاردەکان دا. بە باوەڕی وێبر نەبوونی ڕادەیەک لە دوورەپەرێزیی، هەمیشە خۆ هاویشتنە نێو نێوان و بە بۆنە و بێ بۆنە سینگ رەپێش خستن، دەبێتە هۆی ئەوە کە لە هەستی بەرپرسایەتی و جیدیی بوون لە کار و بەرێوەبەریی کەم بکاتەوە و بیر و بۆچوونەکان زۆر بە جیدیی نەگرەن. ئاکامی ئەو خۆخوازییە دەبێتە هۆی بوون بە گاڵتەجاریی ئەوانی تر.

ئەگر ئەو باسە کۆکەینەوە دەکرێ بڵێین، بۆ ئەوە کە توانایی و داهێنانی ڕێبەریی لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دا بچتە سەر و بە هێز بکرێن، پێویستە کە ئەحزاب چوارچێوەیەکی گوزینشی وەها دابەمەزرێنن کە باشترینەکان بۆ ئۆرگانەکانی حیزب و ڕێبەریی بدۆزنەوە، دیاری بکەن و هەڵبژێرن. بەو شێوەیە ئەحزاب دەتوانن یارمەتێکی باش بکەن بە دەوڵەمەندکردن وچاکسازی دێموکراسی سیاسی و رێبەریی سیاسی بەگشتی. هەر ئەو چاکسازیی و دەوڵەمەندکردنە دەبێتە هۆی گەشە کردنی هەرچی زیاتریی کەلتوریکی زیندوو و دروستی سیاسی. ئەو کەلتورە سیاسیەش بە نۆبەی خۆی دیسانەوە زمینەیەکی لەبار پێک دەهێنێت بۆ درێژەدانی ژیانی دێموکراسی

[18]. H.J. Storig, Geschiedenis van de filosofie, I en II, Het Spectrum, Utrecht/Antwerpen, zestiende druk, 1979, p. 78.
[19]. M. Weber, Wteenschap als beroep en roeping (vertaling van Wissenschaf als Beruf, 1918), Samsom, Alpen aan de Rijn, 1970, pp. 545,546.

سیاسی. کەلتوریکی لەو چەشنە بەو مانایەیە کە بایەخەکانی دێموکراسی، ئازادیی، بەرابەریی و هاوپشتی و تۆلەرانسی لە پلە جۆرواجۆرەکانی بەڕێوەبەری، سیاسی و تەشکیلاتی دا بە باشی وەردەگیرێن و ڕەچاو دەکرێن. ڕەچاوکردن و وەرگرتنی ئەو بایەخانە دەبێتە هۆی ئەوە کە تەنگژەیەک کە لە نێوان دێموکراسی لە لایەک و هەدفمەندیی، کارایی ڕێبەریی و ڕێکخراو لە لایەکی تروە هەیە، ڕوو لە کزیی بدا.

## 4. دەرئەنجام

لە سەرجەمی ئەو باسە هەست پێدەکەیین کە لایەنی ئیدئاڵەکانی دێموکراسی لە لایەک و لایەنەکانی سیاستی بەکردەوە وواقعیتی سیاسی لە لایەکی دیکە بە بەردەوامی شیر و تیر لێکتر دەکێشن. ئەو دوو لایەنەی ئاخریی (واقعیتی سیاسی و سیاسەتی بەکردەوە) لە ڕاستی دا مەیدانی ئیدئاڵەکانی دێموکراسی بەرتەسک و لە بۆن و بەرامەی کەم دەکەنەوە. هەر بەو هۆیش دێموکراسی ناوخۆیی لە ئەحزاب دا سنووردارە. *"لە هەمو حیزبێک دا بێ ئەولاو ئەولا، خاوەنی کام فۆرم لە دێموکراسی ناوخۆییش بێت، دیسان تەمەرکوزیی قودرەت لە دەرەوەی پرۆسەکانی ڕسمی بڕیاردان دا دێتە ئاراوە. هێندێک لایان وایە کە ئۆرگانیزەکردنی ئەحزاب بە شێوەیەکی دێموکراتیک کاریکی نەخوازراوە. دێموکراسی ناوخۆیی دەبێتە هۆی ئەوە کە حیزب کە لە پێش دا کەرەسەیەک بووە بۆ بەدیهێنانی ویست و ئامانجە سیاسیەکان، لە درێژایی زەمەن دا خۆی ببێتە ئامانج."* [20]

هەر بۆیە لێک گرێدانی دێموکراسی و هەدفمە ندی و کارابوون لە ئەحزاب دا نەشتەرگەریکی فرە گرانە. لە بەر ئەوە کە بوونی حیزب بەستراوەتەوە بە هەدفمەندی و کارامەیی، لە هەموو ڕیکخراوە دێموکراتیکەکان دا مەیلی ئۆلیگارشی سەر هەڵدەدا. ناوەندگەرایی یاخۆ دیفاکتۆ ڕێبەریی کردن لە لایەن کۆیەکی بچووک لە مرۆڤەکان لە ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان دا شتێکە کە ناکرێت پێشی پێ بگیرێت. *"بە بێ ئەحزاب، بوونی دێموکراسی مسۆگەرنابێت. جیا لە چەندیی ئەندامان و ڕادەی ماڤەکان و کاردانەوەی دەنگ و ڕایەکانیان، ئەگر حیزبێک گەرکێتی وەزنەیەک بێت لە سیاست د او نەزم بدا بە جەماوەر، دەبێت ویستیکی یەکگرتوو پێک بێنێت. پێویستە وەک بلۆکێک بێتە مەیدان و لە ناوەندیی باسە هەستیارەکان دابێت و ئاڵوگۆرە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگا ببینێت و دەست پێشخەر و ڕابەر بێت. لە باریی عەمەلییەوە ئەوە شتێکی واقعبینانە نیە کە لە ڕێکخراوە مەزنەکاندا هەموو ئەندامان لە ڕێبەریی دا بەشداریی بکەن و وەک یەک قوورسای بخەنە سەر کار و باری سیاسی و ڕێکخراویی حیزبێک. ڕێکخراوێکی لەو چەشنە لە ڕاستی دا توانای تێکوشان و خەباتێکی توند وتیژی نیە."* [21] . هەر بۆیە ڕەدەبەندیی، دیسپلین و سانترالیزە کردن لە ڕێکخراوەکانی حیزبی دا نەتەنیا پێویستن، بەڵکوو کارایی و هەدەفمندی ئەحزاب و سورعەتی بڕیاردان دەبنە سەری.

حیزب و ڕێکخراوەکانی لە ڕاستی دا کۆیەک لە جەماوەر لە دەوریی یەکتر کۆ دەکاتەوە، کۆ بچووک و جیاوازەکان لە لێکتر دا ئینتگرە دەکا و دەیانکات بە یەک. هەر ئەو کۆیە لە ڕێگای دێموکراسی ناو ماڵەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداریی دەکەن لە ژیانی سیاسی حیزب دا. هەڵدەبژێرن و هەڵدەبژێردەرێن. بەڵام حیزب کۆیەکی ڕۆشنبیریی نیە کە دایمە لە باس و ڕاوێژ و لێکدانەوە ناخۆیەکاندا بمێنێتەوە. بۆ ئەوە کە سورعەتی عەملی بڕیارە نێوخۆیەکان دەستەبەر بکرێت دەبێت چەشنێک سانترالیزم بێتە کایەوە. هەتا ئەو کاتە

[20]. M.Y. Ostroski, Democracy and the Organisation of political parties, Macmillan, London, 1902, p.149.
[21] . R. Michels, Zur Soziologie des Parteiwesens in der modernen Demokratie: Untersuchungen uber die oligarchischen Tendenzen des Gruppenlebens, 1911, Neudruck der zweiten Auflage, Kroner, Stuttgart, 1957, p. 25-26

کە ئەحزاب خاوەنی مۆنۆپۆلی دیاریی کردنی لیستی کاندیدکان بن، چە لە ناو خۆ دا وچە لە بۆ هەڵبژاردەنەکانی دەرەوە، دەبێت هەموو هێزوتوانای خۆیان بکاربهێنن بۆ دۆزینەوەی ئەندام و کاندیدگەلێکی ئۆگر، شایستە، پسپۆر، زانا و لێهاتوو. ئەو کارە پێویستی بە میکانیزم گەلێک هەیە کە فەزای نوێکردنەوە و بە خۆدا چوونەوە لە حیزب دا پێک بهێنێت. دیاری کردنی پسپۆڕ و زانا لە حیزبێک دا کە باوەڕیی بە دێموکراسی هەیە و لە ناوخۆشی دا دێموکراسی ناوخۆیی بەکار دەهێنێت، دوو قازانجی هەیە. یەکەم ئەوە کە حیزب بە کاراییی،سورعەت و هەدفمندانە ڕەوتەکان دەبینێت و دەیانخوێنێتەوە وخۆیان لەگەڵ دەگونجێنێت. ئەگر واش بێت دەست پێشخەر و ڕابەرە. هەر لە هەمان کاتدا بە هۆی تایبەتمندیی دێموکراتیکی ناوخۆیی حیزب کۆمەڵێک مرۆڤ لە مەیدانی خەبات دان و لە کۆمەڵگا دا عەمل دەکەن کە یارمەتیدەر دەبن لە دەوڵەمندکردن و باشتر عەملکردنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە کۆمەڵگا دا.

لەو نێوە دا حیزب خاوەنی هەرفۆرمێکی تەشکیلاتی دیموکراتێک بێت، ڕێبەریی ڕۆڵێکی ناوەندیی دەگێرێت. ڕێبەریی لە ڕاستی دا ڕووخسار، ڕەنگ و دەنگ و ئاکتەریی سەرەکەیی حیزبە لە دنیای دەرەوە دا و جێگا و شوێنی و پرستیژیی حیزب لە ڕادە جۆرواجۆرەکانی مەیدانی سیاسەتدا، بستراوەتەوە بە کایە و هەڵبژاردەنە سیاسیەکانی ڕێبەریی. ئەوان دەبێت بە بەردەوامی لە خەمی ئەوە دابن کە هەدفمەندیی و کارای حیزب و جووڵانەوە بە باشترین شێوە گارانتی بکەن و کاردانەوەی خۆیان لە ڕێگای بەشداریی لە باسە و خواسە سیاسیە گرینگەکانن لە سەرسیاست و کۆمەڵگا ماکزیمالیزە بکەن. بە کورتی ڕێبەرانی حیزبێک، بەشداریی لە دەستەڵات دا وەک کەرەسەیەک بۆ داسەپاندنی جیهانبینی سیاسی و فەلسەفیەکانی خۆیان، بکار دەهێنن. بۆ وان گرنگی دەستەلات لەوە دایە کە بتوانن لە ڕێگای ئەو ئامرازەوە مەبەستەکان، ئاوات و ئامانجەکانی کە ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن، وەدیبهێنن. بۆ ئەو مەبەستانەش وەفاداریی، هاودەنگی و پشتیوانی ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە سەر بنەمای جیهانبینێکی هاوبەش و نەزم و دیسپلینی نێوخۆی، لە ڕێبەریی، شەرتێکی سەرەکییە.

هەڵکەوتوانی بەڕێوبەریی- سیاسی کۆمەڵگایەک ڕیش سپی و پێاوماقووڵی تایفە و هۆزیەک نین کە هەموو لایەک لە خۆیان ڕازیی بکەن و لەو پەڕیی دەلۆڤانی دا هەڵسووکەوت بکەن (ئەگر وا بن چە باشتر). ئەو مرۆڤانە کەسانێکن کە بەوپەڕیی هەست بە بەرپرسایەتی کردن ئەرکی خەباتێک وەئەستۆی خۆیان دەگرن و لە هەموو پرۆسەکانی ئەو خەبات و تێکۆشانە دا بە بە ردە وامی خە ریکی هە ڵبژاردنی سیاسین. کۆیەک لە خەڵک وەشوێن خۆیان دەدەن و لە جیهانی پر لە ئاڵوزیی دا ئەو کاروانە بەرەو ئاسۆگی سەرکەوتن ڕیبەریی دەکەن. لەو ڕێگایە دا ئەو لایەن و هێزانە کە چیتر توانای ڕێبەریی کردنییان نامێنێت، دەبێت هەر لە سەر بنەمای ئەو هەست بە بەرپرسایەتیکردنە خۆیان لە بازنەی ڕێبەریی بکێشنەوە و ڕێگا بۆ نەسلەکانی تر خۆش کەن. هەموو حیزبێک لە ژیانی خۆی دا هەڵبژاردەنی ستراتیژیکی خۆی دەکات. ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردەنە زۆر گرنگن. چوونکە ئەو هەڵبژاردەنانە دیاریی دەکەن کە چە هەوڵ و تەقەلایەک دەبێت حیزبەکان لە خۆیانی نیشان بدەن بۆ دامەزراندن وهەڵسوورانی ڕێکخستنی ناوخۆیی، دەست نیشان کردنی مرۆڤە هەڵکووتەوکان و سەرمایە دانان لە سەر دانووستان و پێوەندیی دا.
لە کۆتایی ئەو باسە دا دەکریت ئاماژە بەو وتە بەناوبانگەی هەڵکەوتویەکی سیاسی و بەڕێوبەری بریتانیایی یانی وینستون چەرچیل لە مەڕ دێموکراسی بکرێت کە لە 11 نۆامبریی 1947 لە بەردەم نوێنەرانی مەجلیسی موئەسسان دەڵێت: *'دێموکراسی خراوترین فۆرمی حکومەتیە، بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەو فۆرمانە کە تا ئێستا بەتاقیکراونەتەوە.'* هەرچەند پیویست بەوە ناکات لە گەڵ ئەو بۆچوونەی چەرچیل بەتەواوی هاودەنگ بیین، بەڵام دەبێت بزانین کە دێموکراسیش لە هێندەک جێ دا کورتی دەهێنێت. هەر بۆیە ئێمەی کوردیش دەبێت کەم و

كوڕیەكانی دێموكراسی بە گشتی و دێموكراسی ناوخۆیی لە ئەحزاب دا بە تایبەتی، بە باشی بناسین، تاوتوێیان بكەین و خوێندنەوەی خۆماڵیانەمان لێ هەبێت. پاشان هەر لەو چەمک، ئیدە و سیستەمانە بە باشترین شێوە بۆ خەزمەت بە ئیدئاڵەكان و هەڵبژاردەنە ستراتیژیەكانی ڕێكخستنی و نەتەوەییمان كەڵكیان لێوەرگرین.

**كەماڵ مەجیدپوور**
**نوامبری 2006 زایینی**
**majidpourkamal@hotmail.com**

## 5. سەرچاوەكان

1. W.A. Bauwget, Problemen der Democratie: Een sociologische en psychologische studie, Amesterdam, 1980.
2. R.A. Dahl, A preface to Democratic Theory, University of Chicago Press, Chicago, 1956.
3. M. Duverger , Political Parties,  New York, 1954 1954.
4. R.T. McKenzie, British Political Parties: The Distribution of Power within the Conservative and Labour Parties, Heinemann, London, 1955, reprint 1982.
5. M. Fennema, Democratie theorie in Jaarboek Vrede  en veiligheid, Katholieke Universiteit Nijmegen 1997.
6. A. Hoogerwerf, Vanaf de top gezien: Visies van de politiek elitie, Sijthoff, Amesterdam, 1986.
7. A. King., Political Parties in Western Democracies. Polity, jg. 2 ،., 1979.
8. R.A.Koole, De Permanente kritiek op politieke partijen', in: Beleid & Maatschappij, Amesterdam, 2000.
9. O. Kirchheimer 1966. Politische Herrschaft : fünf Beiträge zur Lehre vom Staat / 2. Aufl / Suhrkamp / 1967.
10. R. Michels, Zur Soziologie des Parteiwesens in der modernen Demokratie: Untersuchungen uber die oligarchischen Tendenzen des Gruppenlebens, 1911, Neudruck der zweiten Auflage, Kroner, Stuttgart, 1957.
11. J.S. Mill, Over vrijheid (vertaling van On Liberty, 1859), Boom, Meppel/Amesterdam, tweede druk, 1986.
12. Mair & Katz, How parties organize : change and adaptation in party organizations in western democracies,1994.
13. M.Y. Ostroski, Democracy and the Organisation of political parties, Macmillan, London, 1902.
14. J.-J. Rousseau, Het maatschappelijk contract of beginselen van het politiek recht (vertaling van Du contract social, 1762), Het Spectrum, Utrecht/Antwerpen, 1977.
15. G. Sartori, The Theory of Democracy Revisited, part I en 2, Chatham House, Chatham, N.J., 1987.
16. H.J. Storig, Geschiedenis van de filosofie, I en II, Het Spectrum, Utrecht/Antwerpen, zestiende druk, 1979. atham, N.J., 1987.
16. J.Verhulst, Directe democratie en zijn risico's, Antwerpen, 1998.
17. M. Weber, Wteenschap als beroep en roeping (vertaling van Wissenschaf als Beruf, 1918), Samsom, Alpen aan de Rijn, 1970.
18. K.Witte,  Organiseren en veranderen, Amsterdam, 1996.
19. W.E. Wright, A comparative study of party organization,1971.